

# رەجەبعەلی مەزروعی:

## لەگەڵ ئەوەدا بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادی لە کوردستاندا هەیە کەچی تا ئێستا زۆربەی ڕاگەیاندنەکان حزبەکان بەڕێوەی دەبەن

**هەرێمی کوردستان بە گشتی و هەولێری پایتەخت وێڕای سەردانی بەردەوامی هێز و گرووپە سیاسی و دیپلۆماتەکانی جیهانی هاوکات ناوەندی سەردانی رۆشنبیرانی ناوچەکە و جیهانە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لە نزیکەوە ئاشنای دیرۆک و کەلتووری کورد و ئەزموونی ئێستای بن. شاندی رۆژنامەنووسانی کوردستانی ئێران لەم رۆژانەدا سەردانی هەرێمی کوردستان کرد و بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە باری سەرنجی رۆژنامەنووسانی ئێران لەمەڕ واقعی رۆشنبیری وسیاسی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بەرێز رەجەبعەلی مەزروعی سەرۆکی شاندی رۆژنامەنووسانی ئێران ساز دا.**

**دیمانە/نامق هەورامی**

*** لە میانەی ئەم سەفەرەتاندا هەردوو باری رۆشنبیری و سیاسی کوردستانتان چۆن بینی؟**

- دیارە بە دیتنێکی لەمجۆرە ناکرێت قسە لەسەر ئەزموونی رۆشنبیری و خەباتی نەتەوەیەکی کۆنی وەک کورد بکەین بە تایبەت لەم قۆناغەدا کە ناجێگیرییەک لەم وڵاتەدا هەیە.

لە باری رۆژنامەگەرییەوە ئەوەی سەرنجمان دا لێرە زۆربەی دەزگاکانی راگەیاندن وابەستەن بە حزبەکانەوە، سەیر لەوەدایە لێرە ئازادییەکی زۆر هەیە کەچی ئازادی رۆژنامەگەری و کاری راگەیاندن کەمە ئەمەش ناکرێت بگوترێت کارێکی باشە یان خراپە، لە باری باشییەوە لەوەدا دەیبینم کە زۆربەی چاپەمەنی و تەلەفزیۆن و رادیۆکان کار دەکەن و زەمینەی کاریان بۆ رەخساوە، بە دیوەکەی تردا ئەوەی هەستی پێدەکرێت وەک لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد وێڕای بوونی ئازادییەکی زۆر کەچی باری رۆشنبیری و رۆژنامەگەری کەمتر ئازادە و ئەوەندەی من بزانم لەوانەیە نەبێت بەزوویی ئاسان ئەو شتانە ئازاد ببن ئەوەشمان لە بیر نەچێت مادام لێرە زەمینەی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە ئەوەش لەو ناوەندی راگەیاندنەدا رەنگی داوەتەوە.

سەبارەت بە کرانەوە و دروستکردنی زەمینەی فەزای ئازاد بۆ کاری رۆشنبیری و رۆژنامەگەری من لێرە بە دۆستانی کورد و بەرێزان کاربەدەستانی ئەم وڵاتەم گوت: دەبێت دەرگای ئازادی هەمیشە کراوە بێت چونکە کۆمەڵگەی ئازاد لە باری فەرهەنگی و راگەیاندنەوە دەبێتە پێشەنگی داهێنان و دوورکەوتنەوە لە کاری توندوتیژ.

*** بەر لەوەی بێنە کوردستان بە تایبەتی بەرێزتان بۆ جاری یەکەمە دێنە ئێرە بەر لە هاتنتان وێنا کردنی ئێوە بۆ کوردستان چۆن بوو، کە هاتن ئەو وێناکردنە چۆن کەوتەوە؟**

- ئەوەی ئێمە بیستومانە ئەوەیە لێرە جەنگ و نائارامی هەیە و ژیانی هەڵکەکەشی خراپە، بەڵام کە هاتین بینیمان کوردستان تا ئەندازەیەکی باش ئارامە و ژیانی خەڵکی بە دۆخێکی ئاساییدا دەڕوات و خەڵکی لە سەر و سامانیان دڵنیان و گەشبینم بەوەی ئەم دۆخە بەرەو زیاتر چەسپاندن و بەرەو پێشچوون دەڕوات بە تایبەت لە ساڵانی دوای رووخانی رژێمی سەدام بەشێک لە داهاتی نەوتی عێراق بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان تەرخان کراوە و پێویستە حکوومەتی ئێرە پلانی زیاتر و نەخشەی باشتری هەبێ بۆ گەشەسەندن و ئاوەدانی و بەرەو پێشبردنی کاروانی رۆشنبیری رۆژنامەگەری لەم وڵاتەدا.

*** ئاییندەی عێراق چۆن دەبینن، رۆڵی کورد لەم عێراقەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ قسە لە سەر وڵاتێکی ناسەقامگیری پێکنەهاتوو بکات، بەڵام بە پێی ئاماژەکانی دەورووبەر و ناوچەکە و جیهان ئەوە نیشان دەدەن کە هاوکاری و ئامادەگی هاوکاری هەبێت بۆ بنیادنانەوەی ئەم وڵاتە و لە ناوخۆشدا ناکرێت رۆڵی زۆرێک لە گرووپ و هێز و پارتە سەرەکییەکانی عێراق لە بەرچاو نەگیرێت چونکە ئەوانە خاوەن کاریگەری خۆیانن لە عێراقدا ئیدی ئەوانە چ کورد بن یان شیعە یان سوننە پێویستە هاوکاری یەکتر بکەن و یەکتریان قبوڵ بێت و دەست لەناو دەست بۆ ئەوەی عێراق لەو گێژاو و قەیرانەی تێی کەوتووە دەرباز بکەن و بنەماکانی دیموکراسییەت و دەوڵەتی یاسا بچەسپێنن.

بە هەر حاڵ رووخانی سەدام بە سوودی تەواوی گەلانی عێراق تەواو بوو، بە سوودی گەلانی دراوسێی عێراق تەواو بوو بە تایبەت ئێران.

کوردەکان دەتوانن وەک هێزێکی پارسەنگ و ڕاگری هاوکێشەکان رۆڵ بگێڕن و بڕیاردانیان لە بونیادنانەوەی عێراق و بەشداریکردن لە حکوومەتی عێراقدا هەنگاوێکی عەقڵانیانەیە و ەک ئێستا پێ لە سەر یەک هەڵوێستی و میانەرۆیی و میانگیری بگرن چونکە ئەم هەلە بۆ کورد و تەواوی عێراقییەکان هەنگاوێکی زێڕینە و بە دڵنیاییەوە ئەگەر دیمەکراسییەت و مافی گەلان لەم وڵاتەدا دەستەبەر بکرێت هەموو لایەک سەرکەوتوو دەبن و وڵاتێکی ئارام دروست دەبێت. ■